# لەئیسلامدا جەژنێك نیە بۆ دایك

[ كردي – كوردی – kurdish ]

ئیحسان بورهان الدین

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ ليس في ديننا عيد للأم ﴾

« باللغة الكردية »


إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2011 – 1432

IslamHouse.com

# لەئیسلامدا جەژنێك نیە بۆ دایك

هەندێك لە موسوڵمانان خوای گەورە ڕێنوێنیان بكات ئاهەنگ دەگێڕن بە ڕۆژی جەژنی دایك و لەو ڕۆژەدا نامە و دیاری و دەعوەت و خۆشی دەگێڕن، لەڕاستیدا ئەوان ئەم مەسەلەیان لەكەسانی ترەوە وەرگرتووە و بەبێ شارەزایی و شانازی كردن بە ئایینەكەیانەوە لاساییان كردوونەتەوە، لە ئایینی ئێمەدا جەژنێك نیە بەناوی جەژنی دایكەوە، نە لە قورئان و نە لە سوننەتدا هاتووەڕۆژێك تەرخان بكرێت بۆ ڕێزگرتن لە دایك و سوپاس كردن و ئاهەنگ بۆ گێڕانی.
شەریعەتی ئیسلام تەنها دوو جەژنی بۆ دیاری كردووین كە جەژنی ڕەمەزانە و جەژنی قوربانە وهەموو جەژنەكانی تری پووچەڵ كردووەتەوە كە نەتەوەكان ئاهەنگی تێدا دەگێڕن، ئینجا ئێمە بەتوندی داوامان لێكراوە خۆمان لەبیدعە و داهێنان لە ئاییندا بەدوور بگرین، كەس بۆی نییە ڕۆژێك لە ساڵێكدا دیاری بكات وەكو جەژن: (من أحدث في ديننا هذا ما ليس منه فهو رد) متفق عليه.
كەسیش ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بكات كە گوایە مەبەست لە تایبەتكردنی ئەو ڕۆژە تەماشاكردنی نییە وەكو جەژن، بەڵكو تەنها مەبەست ڕێزگرتنە لە دایك و پاداشتدانەوەی لەسەر چاكەكانی، ئەمە وەڵامێكی لاواز و گومانێكی ئاشكرایە، چونكە تایبەتكردنی ڕۆژێك بۆ دەربڕینی خۆشی و گرنگیدان و دیاری بەخشین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كراوە بە جەژن، بەتایبەتی ئەوە لەكاتێكدایە كە لای ملیۆنەها خەڵكی نا موسوڵمان لە جیهاندا ئەو ڕۆژە هەر بە جەژنی دایك دەناسرێت، لەلایەكی تریشەوە گرنگی بۆ ناو نییە بەڵكو بۆ

ناوەڕۆکە بۆیە ئەو کەسەی ئەو بایەخەی بەو شێوە داوە کردوویەتی بە جەژن، چونکە وەکو هەر جەژنێکی تر ساڵانە دووبارە دەبێتەوە. ئەگەر ئەو کەسەش کە ئاهەنگ دەگێڕێت بەڕۆژی جەژنی دایك پرسیار لەخۆی بکات: ئەم بۆنەمان لەکوێوە بۆ هاتووە؟ ئایا لە ئایین و داب و نەریتی خۆمانەوەیە، یان لە بنچینەدا لە ئیغریقیەکانەوە پێمان گەیشتووە کە ئەوان بە (بأم الآلهة) واتە: دایکی خواکان ناویان دەبرد و، دواتریش ئینگلیزەکان لەسەدەی شانزەیەمدا ڕۆژێکیان بۆ جەژنی دایك تەرخان کرد و دواتر لە ئەوروپا بڵاوبوویەوە، کاتێکیش مەسیحیەت تەشەنەی کرد لە دەرەوەی ئەوروپا کەنیسە دەستی کرد بە ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی دایکی کەنیسە (مریم) دواتریش هەردوو بیرۆکەکە یەکیان گرت و بوون بە ڕۆژی جەژنی دایك و بە فەرمی لە ئەمریکا و دواتریش لە وڵاتە عەرەبیەکان و وڵاتانی تر کرا بە جەژن و لەڕاستیدا ئەوە یەکێکە لەبیدعە و کارەکانی خاچپەرستان  کە ئێمە داوامان لێکراوە پێچەوانەیان بین لە هەموو شتێکی گومڕاییەکانیان.
جێگەی داخە ئەمڕۆ زۆرێك لە موسوڵمانان دەبینی لە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوادا توانەتەوە و لەژێر کاریگەری هەموو هاوردەیەکن لەوێوە بێت، ئیتر با ئەو شتەش لەگەڵ ئایین و داب و نەریتماندا ناکۆك بێت، ئەوەش هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی پێناسەی ئیسلامیمان.
ئایینی پاك و بێگەردی ئیسلام بایەخی داوە بە ڕێزگرتن لە دایك و چاکەکردن و بەجوان مامەڵەکردن لەگەڵیدا لەدرێژایی ساڵدا و تەنها کاتێکی دیاری نەکردووە بۆ ئەو مەبەستە، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَوَصَّيْنَا الإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْناً عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ) لقمان١٤.

جێگریش بوو لە صەحیحی بوخاریدا کە پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ێلی اللە علیە وسلم و، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا کێ شایستەترین کەسە بە چاکەکردنم لەگەڵیدا، فەرمووی: (أمك قال: ثم من قال :أمك قال: ثم من قال أمك قال ثم من قال: أبوك) واتە: سێ جار فەرمووی دایکت و لەسەر چوارەم جار فەرمووی باوکت، جگە لە فەرموودەی زۆری تر کە لەم بارەوە هاتوون.

لە سەلەفی ئەم ئوممەتەوە شوێنەواری زۆر کاریگەر دەگێڕنەوە سەبارەت بە چاکەکردن لەگەڵ دایکدا، بێ گومان هیچ ئایین و ڕێبازێك نیە ئەوەندەی ئیسلام گرینگی دابێت بەڕێزگرتن لە دایك سەرەڕای ئەوەش دەبینی خەڵکانێك هەن واز لە ئەو فەرمان و ڕێنماییە جوانە دەهێنن و دەچنە سەر سفرەی گاورەکان پاشماوەکانی ئەوان کۆدەکەنەوە.

موسوڵمانی ڕاستەقینە هەموو ڕۆژێك بایەخ بە دایکی دەدات و هەموو شتێك لەپێناویدا ئەنجام دەدات وەکو دڵخۆشکردنی و سەردانکردنیی و دیاری بۆبردنی و ڕێزلێگرتنی و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی و دوعابۆکردنی لەژیان و لەپاش مردنیشی، ئەوکەسەش دەیەوێت ڕێز لەدایکی بگرێت یان دیارییەکی پێ بدات با لەهەرکاتێکی ئەو ساڵەدا ئەو کارە ئەنجام بدات، هیچ پێویستیەکیش نیە بۆ تەرخانکردنی ڕۆژێك بۆ ریزگرتن لە دایك یان لە باوك بەپێچەوانەی مرۆڤی ڕۆژئاوا کە لە بنچینەدا زۆر بەپێویستی نازانێت چاکە لەگەڵ دایکی بکات یان ئاگای لە کەسوکارەکەی هەبێت مەگەر لە بۆنەکاندا، چونکە لەیەکتر دوورکەوتنەوە و کەمی سۆز و بەزەیی شێوازێکی کۆمەڵایەتی باوە و کارپێکراوە لە کۆمەڵگای ئەواندا کە بێ بەشن لەزۆرێك لەبەهاکانی دەستەبەرێتی کمەڵایەتی.

بە دەستکارییەوە لە سایتی (صید الفوائد)م وەرگرتووە.